# گەشەکردنی کەرتی خزمەتگوزارییەکان و کاریگەری لەسەر ئابووری

د . مەحمود ئەلمراغی
و: تاهیر عوسمان

پێم بڵێ لە کوێ کـاردەکـەی، پێت دەڵێم جـۆری کۆمەڵگاکەت و پلەی پێشکەوتنی چییـە ، چونکە نەخـشـەی کـارکـردن هەروەک مـێـژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەکان ئاماژەی پێدەکەن، هەمیشە رەنگدانەوەی حاڵەتی ئەو کـۆمەڵگاو ئەو وڵاتەیە ، جاران کاری دەستی زیاتربوو ، کە کەمـتر پێویستی بەبیرکردنەوەو هزرین هەبوو ، لە کۆندا کشـتوکاڵ و هەندێ پیـشـەی دەسـتی باویان هەبوو ، بەڵام کـە ئامـێـر پەیدابوو و مرۆڤ جۆرەکـانی وزەی داهێنا ، ئادەمـیـزاد پێی نایە سـەردەمی پیـشـەسـازی و قۆناغەکانی هەڵم و بەئامێرکردن مرۆڤایەتیان بەرەو پێشـەوە برد ، بۆ مـاوەیەکی زۆر کـەمـیـش ئابووری بەپلەیەک مـتـمـانەی دەکـردە سـەر هەردوو بواری کشـتـوکـاڵ و پیـشـەسـازی سـەرباری بوونی چەند چالاکییەکی وردی دیکە ، جاران دەگووترا پەند پتر مـتـمـانە بکرێتـە سـەر پیـشـەسـازی. ئەوە بەڵگەیە لەسـەر پێـشـکەوتنی کـۆمـەڵگا هەروەک چۆن رێگایەکیشە بۆ داهاتێکی ئابووری زیاتر لە هەردوو بواریشـدا ئابووری کشـتوکاڵ و ئابووری پیشـەسازی مـەبەسـتی سـەرەکی بەرهەمـهـێنانی کاڵاکـان بووە ، هەر لـە ژەمـە خـواردنێکی سـەرمـێـزەوە تا دەگـاتـە مـوشـەکێکی جەنگی و فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگر کە ماوەی گەیشتن زۆر کەم دەکاتەوە. هەمیشە کاڵاکان و بەرهەمهێنانی ماددی ئەو خەمە گەورەیە بوون کە نەتەوەکان هەوڵیانداوە تیایدا پێشبکەون و خۆیانی پێ دەربخـەن، چونکە بەرهەمـهـێنان لە لایەک دەرگای رۆژی و بازاڕەکانی بۆ خەڵک دەکردەوە ، لە لایەکی دیکەدا هەمـیـشـە هەمـوو پێـشـکەوتنێک بەمـانای کـودەتایەکی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری لە قـەڵەم دەدران، هەروەک چۆن هونەرمـەندی ناوداری

جیهانی - شارلی شاپلن- زۆر جوان توانی کاریگەری ئامێر بۆ سەر مرۆڤ نمایش بکات و ئەوە روون بکاتەوە کە هێزکار چۆن لە زۆرکاتدا بەرەنگاری ئەو دیوەزمە (ئۆتۆماتیکییە) بۆ ئەوە کە کاری مرۆڤ کەم دەکاتەوەو بێکاری زیاد دەکاو ئامێرێکی کەروێلاڵ جێ بەچەندین کرێکار تەنگ دەکاو وەدەریان دەنێ، بەڵام ئەگەر شاپلن تا ئەمرۆ لە ژیاندا بووایە بێ گومان رایەکی تری دەبوو بەجۆرێکی تر لە ئامێرە پێشکەوتووەکان و هاوشێوەکانیان دەدوا. دیارە مەسەلەی پێشکەوتن هەمیشە هەر هەبووەو بەردەوام بووە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی نیوسەدەدا زۆر بەرچاو بووبێ، ئابووری خزمەتگوزارییەکانە. هەرچەندە لە سفرەوەش دەستی پێ نەکردووە، بەڵام زۆربوونی بایەخە رێژەییەکەی بەخاڵێکی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ. ئاکار گەیشتە ئەو رادەیەی مرۆڤ لەوپەڕی رەفاهییەت و خۆشیدا بژی و بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی کالاکانی خزمەتگوزارییەکان لە بوارەکانی تەندروستی و فێرکردن و گەشتوگوزارو بازرگانی سامانەکان زۆر بەپێش بەرهەمهێنانی کالا ماددیەکانی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی بکەوێ. راستە بەکاربردنی دانیشتووانی گۆی زەوی کە ئێستا زیاتر لە (٦) ملیار مرۆڤی تیا دەژی، لە رووە ماددییەکەی پاشەکشەی نەکردووە، چونکە پێداویستی مرۆڤ بۆ خواردن پتر بووە، پێویستی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و شوانکارەیی لە هەمان ئاستدایە، بەڵام خۆشی و رەفاهییەتی ژیان دەمانخاتە بەردەم ژیانێکی بێکۆتایی بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی کالاکان کە هەمیشە مرۆڤ و کۆمپانیا پیشەسازییەکانیش بەدوای مۆدیلی تازەترو جوانتردا دەگەڕێن، کەواتە چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئابووری جیهان بەرەو ئابووری (کالاکان) و پیشەسازی خزمەتگوزارییەکان نەچێت، دیارە دەمێکە مەسەلەیەکی وا گرینگ رووبەڕووی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆتەوە بۆ نموونە ئامارەکانی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە راپۆرتی تایبەتییان سەبارەت بازارەکانی کارکردنی ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٠٢) تیشک دەخەنە سەر ئەم مەسەلەیەو دەرگای لێکۆڵینەوەو گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر واڵادەکەنەوە. لە زانستی ئابووریشدا پرسیارێکی مێژوویی سەبارەت بەرهەمهێنان و بەکاربردنی هەیە، چونکە ئەگەر شێوازی بەرهەم جۆری بەکاربردن دەستنیشان بکات، ئەوە بەهەمان شێوە داخوازی واتە بەکاربردنیشی بەرهەمهێنان پێش دەخاو هانی باشترکردنی جۆرو بڕەکەی دەدا. بەڵام پێوەرێکی دیکەش سەبارەت بەجۆری ئابووری و جۆری کۆمەڵگاو ئاستی پێشکەوتنی هەیە. کە بەپێوەری کارو ئاراستەکانی بازارەکانی کارکردن ناسراوە. واتە ئایا رێژەی کام کۆمەڵیان زیاترە ئەوانەی لە کشتوکاڵ کاردەکەن یا لە پیشەسازی یاخود لە خزمەتگوزارییەکاندا. راپۆرتی ئاماژە پێکراوی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ئەگەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە هەڵکشاندابوو ئەوە رێژەی خزمەتگوزارییەکانیش بەرز دەبنەوەو بەڵکو دەست بەسەر بوارەکانی تریشدا دەگرێ). تەنانەت راپۆرتەکە بەژمارە ئەوەی سەلماندووە. بۆ نموونە لە وڵاتەکانی (هۆڵەندا، نەرویج، سوید، سویسرا) کە وڵاتی پێشکەوتوون لەڕووی دانیشتواندا، سنووردارن، یا ناوەندین. وەدەرکەوتووە ئەوانەی لەکەرتی خزمەتگوزارییەکاندا کاردەکەن زیاتر لە (٧٠٪)ی هێزی کاری وڵات پێکدەهێنن. بەڵام ئەم رێژەیە لەوڵاتانی وەکو (کەنەدا- فەرەنسا- وڵاتە یەکگرتووەکان) لە ٧٠٪ دەوەستێ و لەهەریەک لە (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ژاپۆن) کە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیاترن بۆ (٦٥٪) دادەبەزێ. لە

بەرامبەردا ڕێژەی کارکردن لە بواری کشتوکاڵ لە وڵاتە پیشەسازییەکان بۆ کەمتر لە (١٥٪) دابەزیوە. هەرچەندە لە فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بۆ نزیکەی (٢٪) دادەبەزێ و کارکردن لە پیشەسازیش لە داشکانێکی بەردەوام دایە. ساڵی (١٩٨٠) ڕێژەیی (٣٤٪)ی هێزی کاری ئەڵمانیا بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٤٪ دابەزیوە. ئەم کەرتە لە وڵاتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٨٠ ڕێژەی (٢٢٪)ی هێزی کار لەخۆگرتووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ تەنها ١٥٪ دابەزیوە. بەهەمان شێوە ئەم داشکان و دابەزینە لە هەموو وڵاتە پیشەسازییەکان ڕوویداوەو لەبەرامبەریشدا لە بواری خزمەتگوزارییەکان لە بەرزبوونەوەدا بووە. لەدوا بیست ساڵی سەدەی ڕابردوودا دەوڵەتە ئاسیاییەکانیش گەیشتنە ئەو جۆرە پێشکەوتنەو هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان زۆرینەی بەدەست هێنا، ئێستا (٣/٤) سێ لەسەر چواری بازاڕەکانی تایلەندو (٢/٣) دوو لەسەر سێی بازاڕەکانی کۆریاو هۆنگ کۆنگ و سێیەکی (١/٣) توانای کارکردنی وڵاتی فیلیپینی قۆزتۆتەوە، بەشێوەیەکی گشتیش پشکی هێزی کاری کشتوکاڵ لە کیشوەری ئاسیا لە دابەزیندایە، بەڵام کەرتی خزمەتگوزارییەکان ڕوو لە هەڵکشانە، ئەگەرچی بارودۆخەکە لە ئەمەریکای لاتیندا تەواو پێچەوانەیەو لەوێ هێزی کاری پیشەسازی لە پاشەکشەکردن دایەو ڕێژەی کارکردن لەکشتوکاڵ بەرزبۆتەوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەخاڵێکی گرینگی تریش کردووە سەبارەت بەدەوڵەتە بەناو شیوعییەکانی جاران کە پیشەسازی کەرتی سەرەکی قۆزتنەوەی هێزی کاربووە. بەڵام لەم ساڵانەی دوایی پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخۆوە بینیوەو ڕێژەی کارکەرانی کەرتە خزمەتگوزارییەکان لە (٨٠٪) تا (٩٠٪)ی بازاڕەکانی کارکردنیان داگیرکردووە. دیارە ڕاپۆرتی ناوبراو لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێ و پێویست بەوە دەکات لەسەر بوەستین،چونکە لەکاتێکدا سێیەکی دانیشتووانی جیهان لە برسیەتییەکی کەم وێنەدا دەژین، لە بەرامبەردا دەبینین چەند بەشێک لە دونیا لە پێشکەوتنێکی بەردەوامدان. ڕاستە کارکردن لە کشتوکاڵ کەم بۆتەوە، بەڵام بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەرەسی نەهێناوەو تائێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەپیشەسازییە زلەکان لە قەڵەم دەدرێ ئەم پیشەسازییە پێشکەوتووە ژمارەی هێزی کاری تیا کەم بۆتەوە، بەڵام لە هەرسێ قۆناغی چاندن و کێڵان و دروێنەکردندا ئامێری پێشکەوتووی تیا بەکاردەهێنرێ، هەروەها ژمارەی هێزی کار لە کەرتی پیشەسازیی لە پاشەکردنێکی بەردەوام دایەو بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو متمانەکردنە سەر هزرە ئەلیکترۆنییەکان مرۆڤ کاری دەست ناکەوێ، هەرچەندە لە ڕابردووداو لەهەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا فراوانبوونی هێزی کار لەو کەرتەدا ئەوەندە تەشەنەی کردبوو تا بوو بەئامرازێک بۆ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی سەندیکاو پارتە کرێکارییەکان، سەرباری لەدایکبوونی هزرە سۆسیالیستی و مارکسییەکان، بەڵام بارودۆخەکە دواتر گۆڕاو کرێکارە کشتوکاڵییەکە لە بواری پیشەسازی نزیک کەوتەوەو کرێکارەکەی کەرتی پیشەسازیش بوو بەتەکنیکارو پسپۆڕ لە بواری کارەکەی خۆیدا. هەر بەم شێوەیەشی گۆڕانکاری گەورە ڕوویاندا، بەرهەمهێنانی کاڵاکان کشتوکاڵی بن یا پیشەسازی پێویستییان بەهێزی کاری زۆر نەما. ئابووری خزمەتگوزارییەکان و ئابووری زانیارییەکان تەشەنەیان کرد، ئەم تەشەنەکردنەش هەر تەنها گوزارشت نەبوو لە پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆجی و بەس، بەڵکو گوزارشت بوو لە گەشەکردنی ئاستی ژیان وبردنی بەکاربردنی خزمەتگوزارییەکان،

ئەمەش لەسەردەمی ئێستاماندا زۆر روون و بەرچاوە، چونکە ئەگەر خۆراک بودجەی خێزانی کۆمەڵگا هەژارەکان لەسەرووی داخوازییەکان بێت و بەشی زۆری داهاتی خێزان قووت بدا. ئەوە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو دەوڵەمەندەکاندا چەند خاڵێکی تر پێش خواردن کەوتوون و تێچووەکی زۆر زیاتر دەبەن وەکو گەیاندنەکان، خزمەتگوزارییە مەعریفی و میدیاییەکان (کۆمپیوتەر) ئاستی بەرزی خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان تەنانەت پێوەری گەشتوگوزار لە جیهاندا روو لە هەڵکشاندان و زۆر لەو کەسانەی بەساڵدا چوون و خانەنشین کراون دەیانەوێ چێژێکی زیاتر لە ژیان وەربگرن و دونیا ببینن و تیایدا بسوڕێنەوە هەر لە بواری بازاڕی خزمەتگوزارییەکان پێویستە ئاماژە بەو گۆڕانکارییە گەورەیە بکەین کە لە ئابووری رەمزیدا سەری هەڵداوە، واتە گواستنەوەی پارەو سەرمایەکان لە بۆرسەیەکەوە بۆ بۆرسەو بازاڕێکی دیکە. جا بەتەلەفۆن بێت یا لەرێگای تۆڕی ئەنتەرنێتەوەو واش پێدەچێ ئێمە لەبەردەم جیهانێکی تازە دابین کە مرۆڤ بەکاربردنی لەبەرهەمهێنانی زیاتر بێت، هەرچەندە ئابووریناسان دەڵێن پێچەوانەکەی راستەو دەبێ و پێویستە بەرهەمهێنان زیاتر بێت، چونکە بەرهەمهێنان لە شێوەی کاڵاکان بێت یاخود خزمەتگوزارییەکان سەرچاوەی داهاتە، لەبەرئەوەی جیهانیش لە پێشکەوتن دایەو بەرهەمهێنان رووی لە زیادبوونە بۆیە داهاتەکەی زیاتر دەبێ و دەتوانێ کەلوپەلی زیاتر بکرێ و بەکاری بێنێ. لەبەرئەوەی بەکاربردنی کاڵا کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان سنووردارن و بەو رادەیە پێویست نین، بۆیە لە لایەکی تردا واتە پێداویستیی کاڵا خزمەتگوزارییەکان و باش بوونی ئاستی گوزەران گواستنەوەیە لە جیهانی پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ جیهانی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی پڕ لەکەیف و رابواردن و حەوانەوە روو لە زیادبوون دەکات. پرسی گەورەی ئێستا ئەوەیە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان و پاشەکشێ کردنی کەرتە سەرەکییەکانی دیکە لە بەرژەوەندی هێزی کاردایەو دەتوانێ کار بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک پەیدا بکات و رادەی هەڵپەکردنی مرۆڤ بۆ قۆزتنەوەی خزمەتگوزارییەکان دەتوانێ بەسەر کێشەی بێکاریدا زاڵ بێ، کە ئەمڕۆ رووبەرووی زۆربەی کۆمەڵگاکان بۆتەوە. نکوڵی لێ ناکرێ کەوا پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی هەلێکی زۆری کارکردنی بەفیڕۆداوەو رێ خۆشکەریش بووە بۆ هەنگاونان بەرەو عەولەمەکە گەورەکان بەواڵاکردنی سنوورەکان دەرفەتێکی گەورەیان بۆ رەخساوەو بازاڕەکانی جیهانیان بۆ کراوەتەوە، لە هەمانکاتدا گرفتی کارکردن هەمیشە لە ئارادا بووەو تێبینیش کراوە بایەخدان بەپیشەسازییە بچووکەکان و کاری دەستی و پیشەیی سەری هەڵداوەتەوە. هەر لە بەرامبەر ئەو گەشەکردنەی ئابووری خزمەتگوزارییەکان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی جەختی لەسەر هەڵبژاردنی شێوازی نوێی گەشەپێدان کردۆتەوە کە بتوانێ زۆرترین هەلی کارکردن بڕەخسێنێ، چونکە ئامانج ئێستا هەروەکو ئابووری سەرمایەداری دەیبینێ هەر تەنها زۆربوونی قازانج و کەڵەکەبوونی داهات و پتربوونی وەبەرهێنان نییە، بەڵکو ئامانج ئەمڕۆ لە پاڵ پێشکەوتنە ئابوورییەکان و گەشەکردنی کەرتە جیاجیاکان پشتگوێ نەخستنی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دیکەیە، بەکارهێنانی نیمچە تەواوی وزەو توانای مرۆڤایەتییە لە کۆمەڵگاکەدا، چونکە مرۆڤ سەرەتاو دوا ئامانجی هەموو کارو پرۆژەیەکە.